# شەریف پاشا کێ بوو؟

نووسینی: ڕۆهات ئالەکۆم    وەرگێڕانی: کاوە ئەمین

بەشی چوارەم



Cherif Pascha på Operakällaren år 1900.
Teckning av Albert Engström i Strix nr. 5/1900.

لە ڕێگای پەیوەندی لەگەڵ یەکێک لە نەوەکانی (شەریف پاشا) وە، ئەو فاکتەرە نوێیانەم بەدەست کەوت. شەریف پاشا، بۆ جاری دووەم ئیزدیواجی کردووە و نەوەکانی لە ژنی دووەمی لە ئیتاڵیا لە مۆناکۆ دەژین. دوای نامە گۆڕینەوە لەگەڵ یەکێک لە نەوەکانی شەریف پاشا، بەناوی ئەنتۆنیتا کەریمێ کە لە مۆناکۆ دەژی، کۆمەڵێک وێنە و زانیاری بیبلۆگرافی لەسەر کۆتایی ژیانی شەریف پاشا بۆ ڕەوانە کردم. بەگوێرەی ئەو زانیاریە نوێیانە، شەریف پاشا، ساڵانی کۆتایی ژیانی خۆی لە ئیتاڵیا بەسەر بردووە.

سەرەتا لە ڕۆم ژیاوە و پاشان گواستویەتیەوە بۆ کاتانزارۆ و لەوێ ئەخیر ساڵی ژیانی خۆی بەسەر بردووە (1951-1949). ساڵی 1921، شەریف پاشا، لەگەڵ خانمێکی فەرەنسی بە ناوی (ملله ئدوینگ پارانی 1978-1900)، کە پێشتر بۆ ئێمە نەناسراو بوو، ئیزدیواجی کردووە. ساڵێک دوای ئەوە منداڵێکیان دەبێت ناوی دەنێن مەلەک (1972-1922)، پاشان ئەویش دوو کچ و کوڕێکی دەبێت بە ناوەکانی ئانتۆنیتا کەریمێ، پاتریسیا سێئدا و ئومپێرتۆ. واتە نەوەکانی شەریف پاشا، تا ئێستاش لە ئیتاڵیا دەژین. شەریف پاشا لە 22 دیسامبری 1951 دا کۆچی دوای کردووە و لەسەر وەسێتی خۆی لە میسر لەگەڵ ژنی یەکەمی، شازادە ئێمینە، دەینێژن. بەگوێرەی زانیاریەکان ئێمینە لە ساڵی 1926 دا مردووە.

شەریف پاشا لە بنەڕەتدا کەسێکی عەسکەریی بووە، بەڵام ئاخفتنەکانی لە کاتی خواحافیزی کردنی لە سوێد، لایەنە جۆراوجۆرەکانی ئەومان بۆ دەردەخات کە ئەو: میلیتار، دیپلۆمات، نووسەر، ڕۆژنامەنووس، سیاسی و کوردناس بووە. ئەو کەسێک بووە کە بڕوای بە خۆی هەبووە و دەوڵەمەند بووە. ئەمەش بووەتە هۆ ئەوەی کە لە نێو نێوەندە سیاسیەکاندا، ناوبانگی زیاتر بەرزببێتەوە. بەڵام ئەو پێش هەرشتێک کەسێکی تێکۆشەر بووە.

شەریف پاشا زۆر بە باپیرەی ژەنەکەی واتە محەمەد عەلی پاشا، موعجیب بووە. محەمەد عەلی پاشا "گوستاڤ ڤاسای میسر بووە" (گوستاڤ ڤاسا پاشایەکی بەناوبانگی سوێد بووە- وەرگێڕ). هەمیشە شەریف پاشا، پەسندی ئەوی داوە و وەکو سەرکردەیەکی شەڕەنگێز و قارەمانێک وەسفی کردووە کە: هەموو ئەورووپا لە ژێر پێیدا لەرزیووە.

**ساڵی 1898 - هاتنی شەریف پاشا بۆ ستۆکهۆڵم**

شەریف پاشا لەلایەن سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمەوە لە 14 مارسی 1898 دا کرا بە سەفیری دەوڵەتی عوسمانی، بەڵام چەند مانگێکی خایاند تا شەریف پاشا هات بۆ ستۆکهۆڵم. نێردراوی سیاسی سوێد لە

کۆستەنتیپۆڵ پێش وەخت ستۆکهۆڵمی لە ڕاپۆرتێکدا ئاگادرا کردبووەوە لەسەر شەریف پاشا و پەیوەندیی بنەماڵەیی:

"لە پێشدا دەبێت ئەوەتان پێبڵێم کە شەریف پاشا، کوڕی سەعید پاشا وەزیری دەرەوەی پێشوو کە ئێستا سەرۆکی ڕاوێژکاری دەوڵەتە. شەریف پاشا پەروەوەردەی ئەفسەری لە خوێندنگای شەڕ لە س.ت جیر، بینیوە، دوای ئەوەش لە کۆشک وەکو ئەدجوتانت دامەزراوە. هەتا ئێستا شەریف پاشا وەکو دیبلۆمات کاری نەکردووە، ئەگەر ئەو دوو ساڵەی لێدەربکەم کە لە پاریس و برۆکسل وەکو ئەفسەری سەربازی کاری کردووە. ئەو کەسێکی پەروەردەکراوی ئەوروپاییە و جوانپۆش و خۆڕێکخەرە".

سەفیری دەوڵەتی عوسمانی، شەریف پاشا، نزیکەی سەد ساڵ پێش ئێستا ( ئەم نووسینە ساڵی 1995 نووسراوە- وەرگێڕ) لە ڕۆژی شەممەی 9 جولی 1898، گەیشتە سوێد. ئەو دوو سکرتێری بە ناوەکانی سالح بەی و موختار بەی لەگەڵدا بوو. ژنەکەی شەریف پاشا،شازادە ئێمینە بە هۆی نەخۆشییەوە نەیواتنی هەمانکات لەگەڵ شەریفا پاشا دا بێت بۆ سوێد، بۆیە لە کۆستەنتنیپۆڵ مایەوە. پاشان لەگەڵ منداڵەکانی دەگەنە لای شەریف پاشا. لە کاتی گەیشتنی شەریف پاشا بۆ ستۆکهۆڵم لەلایەن کۆنسولی ئەوکاتەی عوسمانیەکان سیمۆن ساچس (1907-1939) لە (سەنترال بانگۆڕدن) پێشوازی لێدەکرێت. شەریف پاشا و هاورێکانی لە (گراند هۆتێل) دادەبەزن و حەوت ژوو لە قاتی یەکەمی ئەو هۆتێلە بەکرێ دەگرێت. ڕۆژی دوای، یەکشەممەی دەی جولی، شەریف پاشا لەگەڵ سیمۆن ساچسدا، پیاسەیەک بە نێو ستۆکهۆڵمدا دەکەن و، یەکێک لە شارە جوانەکانی جیهان و ئەو شوێنانەی کە شایستەی بینین بوون، نیشان میوانەکانی دەدات.